Iraq Waterkeeper Environmental Law and Advocacy Project

لەژێر پرۆژەی پشتگیری لێکراو لەلایەن یەکێتی ئەوروپا ڕێکخراوی سروشتی عێراق بەهاوبەشی ڕێکخراوی ئیتالی پاراستنی مافی ئاو، چوار خولی بەرزکردنەوەی توانا بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی لەهەردوو شاری سلێمانیو هەولێر ڕێکخرا لەناوەڕاستی مانگی حوزەیران ساڵی 2014.

لەسلێمانی

یەکەمین گروپ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی ڕێکخرا لەبەرواری ١٥-١٦ حوزەیران کە ١٥ کەس بەشداربوو کە لە ٧ ڕێکخراویی جیا جیا پێکهات بوو ئەوانیش (ڕێکخراوی هەناسەکانی نیشتمان، ڕێکخراوی ژینگەی سەوز، ژینگە دۆستانی گەرمیان، گروپی سولی ئۆن، کۆمەڵەی کوردستانی سەوز، بزوتنەوەی گەنجانی عەرەب بۆ کەشوهەوا، ڕێکخراوی پاراستنی ژینگەو کەلەپوری جوانی کوردستان، گەشەپێدانی سەردەم). دووەمین گروپ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی کە ڕێکخرا لەبەرواری ١٧-١٨ حوزەیران کە ١٨ کەس بەشداربوو کە لە ٧ ڕێکخراویی جیا جیا پێکهات بوو ئەوانیش (ڕێکخراوی سروشتی کوردستان، ئایندە بۆ پاراستنی ژینگە، ژینگەو پاراستنی زیندەوەران، کۆمەڵەی کوردستانی سەوز، ژینگەپارێزی سەید سادق، ئارام بۆ پاراستنی مرۆڤو ژینگەی هەڵەبجەی شەهید، کۆمەڵەی کوردستانی سەوز ناوەندی هەڵەبجەی شەهید).

لەهەولێر

سێهەمین گروپ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی کە ڕێکخرا لەبەرواری 22- 23 حوزەیران کە 14 بەشداربوو لەکۆی 6ڕێکخراو بوو ئەوانیش(ئایندەی سەوز ، پەرەپێدانی ژینگە ، کۆمەڵەی کوردستانی سەوز ، ڕێکخراوی ڕۆژ ، ئارینا بۆ ژینگە پارێزی، ڕێکخراوی کەش) چوارهەمین گرۆپ بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی کە ڕێکخرا لەبەرواری 24- 25 حوزەیران کە 10 بەشداربوو لەکۆی 5ڕێکخراو بوو ئەوانیش(ژینگە تەندروستی سەوز ، مێرگەمیر بۆ گەشەپێدانی ژینگە ،سیدرا بۆ ژینگەی نمونەیی ، وار بۆ پاراستنی ژینگە، سەنتەری ژینگەی شەقلاوە)

یەکەمین کۆبونەوەی هاوبەش:

ئەوەی کە تێگەیشتوین بەشداری پێکردنی گشتی لەدەرکردنی بڕیاردا کارێکی کاریگەرەو گرنگە، هەروەها هاندانی بەرپرسیاریەتی تاك کۆمەڵگایەکی زیاتر دیموکراسی دروست دەکات، و بەکارهێنانی هۆشیاریو بەهرەو پەرۆشی خەڵکی لەدەرکردنی بڕیارەکاندا رۆڵی کاریگەری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تاکێك بەرژەوەندی هەیە لەپاراستنو بەرز ڕاگرتنی ژینگەو هاوڵاتیان سەرچاوەیەکی گرنگن لەپێدانی زانیاری لەسەر پێداویستیەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژین، ئەمە هۆکارە بۆ بەشداری پێکردنی هاوڵاتیان کە بەشێکی سەرەکین لە گەشەپێدانی بەردەوام، کە ئەمەشە دەمانگەیەنێت بەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ بەدەستهێنانی چاکسازی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ژینگەیی لەهەمان کاتدا، ئەمەش کاتێك دەبێت کە هەموواون بەشداریان پێبکرێت لە گفتوگۆی کراوە لەگەڵ هێنانی بۆچونو شێوازی تازە دەکرێت جێگای تێبینی بێت.

لەبەر ئەم هۆکارەیە کە جگە لە خولو بەرزکردنەوەی تواناکان، یاسایی ژینگەو پرۆژەی داکۆکیکردن، ڕێکخراوەکەمان هەستا بەسازدانی یەکەمین کۆبونەوەی هاوبەش لە ٢٠١٤/٦/١٨ بەبەشداریکردنی ٢٩ نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنیو لایەنە بەرپرسە حکومیەکان بەمەبەستی دانانی ڕێسا ژینگەیەکان، ئامانج لەکۆبونەوەکە گۆڕینەوەی زانیاریو دەستەبەرکردنی مافەکانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنیو خەڵك بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و تێگەیشتن لەچۆنیەتی گەشەپێدانی دەزگا حکومیەکان و جێبەجێکردنی یاساو بڕیارەکان کە کاریگەری تەواویان هەیە لەسەر ژینگەو کۆمەڵگە ناوخۆییەکان.

If you have any activity and you want to share it with others do not hesitate to send it to us:
http://www.natureiraq.org/waterkeeper-law-and-advocacy-program.html